# لۆزانێکی تر

کاروان عەلی
Karwanali@yahoo.com

هەندێك مەسەلە هەیە، ناکرێ هیچ کامێکمان بەرامبەری بێ دەنگ بین‌و هەڵوێستی لەبارەوە دەرنەبڕین. ڕاستەوخۆ دەچمە ناو بابەتەکەو پێویست بە پێشەکی ناکات، بۆیە سەرەتا دەپرسم چ کوردێك هەیە حەز نەکات سەدام لەناو بچێت؟ کێ هەیە تەمەننای ئەو ڕۆژە نەکات کە گەورەترین دوژمنی کورد بەو سوك‌و ڕیسواییەی ئێستای، دنیای لێ بکرێتە کونە دەرزی‌و هەموو تەنازولێك بکات تەنها بۆ ئەوەی لای نەدەن؟ کێ تەمەننای ئەوەی نەدەکرد کە کورد لەنێو خۆیدا ئاشت بێتەوەو گوتاری چارەنووسسازیی یەك بخات؟ ئەی کێ تەمەننای ئەوەی نەدەکرد ئەمریکای زلهێز، بەهێز تەدەخول بکاو مەینەتییەکانی گەلی عیراق بە دەست دیکتاتۆرییەوە، کۆتایی پێبهێنێت؟

زۆر لەو تەمەننایانەمان خەریکە دێنەدی، بەڵام پێناچێ بەجۆرە بن کە ئێمە خەونمان پێوە دەدیت، چونکە دوژمنێکی‌تر بەهەندێ بیانووی نا واقیع‌و نامەنتیقی‌یەوە دەیەوێ سوپاکەی بنێرێتە کوردستان‌و لەپاڵ زلهێزی گەورەی دنیاوە، بەنیازە کوردستان بتورکێنێ (تتریك) .

تورکیا کە لە مێژووی دروستبوونیدا هەردەم بارودۆخە ناسکەکانی قۆستۆتەوە بۆ لێدانی میللەتانی دراوسێی، بەهەمان شێوە ئێستاش دەیەوێ وابکاو لەلایەك لەسەر پارە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا دەکات‌و لەهەمان کاتدا خۆی کردۆتە خاوەنی مەسەلەی کەرکوکی شاری خالصی کوردان‌و دەیەوێ هەرچیی مەرامی هەیە، ئێستا بۆی بێتەدی، ئەمە جگەلەوەی کە داوای چەکداماڵینی کورد دەکاو هاوکێشە سەربازییەکانی لێتێکچووەو کوردی لێ بۆتە ڕژێمی بەغداو وادەزانێ کورد چەکی کۆمەڵکوژی هەیە .

عەسکەرتارەکانی ئەنقەرە بە هەموو عەقڵیەتی ڕەگەزپەرستیی خۆیانەوە، دەیانەوێ کورد چەك بکەن تا بتوانن بە ئارەزووی خۆیان، هەموو شارە کوردییەکانی کوردستان بکەنە خاڵی ناکۆکی سەبارەت بەوەی نەتەوەیەکی تری تێدا دەژیێ بەناوی (تورکمان) و ئەوانیش بەڕەچەڵەك تورکن‌و دەبێ مافیان هەبێت.

من نازانم ژمارەی تورکمان لە کوردستان چەندەو چەند نییە، بەڵام دڵنیام لەوەی ئەگەر چەند هەزارێکیش بووبن، بەچەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەدەست دیکتاتۆرییەت ئازادکراون کە تورکەکان ئێستا داوای چەك کردنی دەکەن.

بەهەرحاڵ، مەسەلەی تورکمان، لەو چەند ساڵەی کە شەڕی براکوژی لەنێوان یەکێتی‌و پارتی سەری هەڵدا، دروست بوو، بەپارەی تورکیا ئەوەندە بارەگایان کردەوە، کە هەرچیی شەقامە سەرەکیەکانی سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك هەیە، ئاڵایەکی تورکیا، بەڵام بەرەنگی شینی تێدا هەڵدراوە. بارەگایان لەبارەگای حزبە کوردییەکانیش زیاترە. لەماوەی ئەم سێ چوار ساڵەی دواییدا ژمارەی بارەگای حزبەکانیان ئەوەندە زۆربووە،

شارۆچکەکانیشی گرتۆتەوە. بێگومان ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە بەرنامەیەکی شۆڤینی هەیە بۆ لاوازکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە کوردستاندا.

ئەو رەوشە خراپەی کە ئێستا لەلایەن تورکیاوە بۆمان خولقاوە، یەکەم هۆکاری شەڕی براکوژییە، ئەم شەڕە وایکرد بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری ئەنقەرە تەنازول بکەین و مەرجەکانی تورکیامان بەسەردا بسەپێندرێ و بێ گوێدانە مەترسییەکان، دەیان بارەگایان بۆ بکرێتەوە.

با ئەوەندە لەسەری نەڕۆین، بەو تەمەننایەش کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم و دەڵێم: خۆزگە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کە ئێستا یەکگرتووە، دژی تورك دەوەستنەوەو مساوەمە لەسەر مەسەلەی کەرکوکی کوردان ناکەن کە ئەو شارە بەدرێژایی مێژوو تاکە هۆکاری رێککنەکەوتنی بزووتنەوەی کوردو رژێمی بەغدا بووە، چونکە ئەگەر وانەبێ، مانای وایە خەباتی دەیان ساڵەی کورد ، خوێنی سەدان هەزار شەهید کە لەکەرکوك و سەرتاپای ناوچە کوردییەکان رژاوە، بەفیڕۆ رۆیشتووەو هیچمان بە هیچ نەکرد. پێویستە لەم قۆناغە ناسك و مێژوویەدا ، سەکردایەتییەکەمان کە هەموو خەڵکیان لەگەڵە، بڕیاری بوێرانە بدەن و گوێ بەهەڕەشەکانی تورك نەدەن، چونکە ئەوان دەیانەوێ لۆزانێکی‌تر، بەڵام بەشێوازێکی‌تر دروست بکەنەوە. دواجار با نەڵێین خۆزگەمان بەسەدام و بریا هەر لەگەڵ ئەودا رێکبکەوتابووناینەو با ئەمریکاش نەیەت.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003